کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:13 3-11-2007

**خۆکوشتن هێشتنەوەی پوچییەکانە بەزیندویتی ... ئەرسەلان مەحمود**

مرۆڤی هۆشمەند ئەو کەسەیە توانای هەڵوەشاندنەوەو خۆخاڵیکردنەوەی لەتێگەیشتن و بۆچوونە هەڵەکانی خۆیی و دەوروبەرو کۆمەڵگەکەی هەیەو دەکاری لەجێگەدا بۆچوونە تەندروستەکان جێگیر بکات، بەمانایەکی تر لەپوچییەکانی نێوناخ و کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەی تێبگات و توانای بەرگەگرتن و



ڕووبەڕووبوونەوەی بەشێوەیەکی ژیرانەو تەندروستیانە تیادا ڕسکاو بێت، بەپێچەوانەوە خاوەنی شتێك نابیت پێی بگووتری هیچی، بۆیە دەهێنێت بەدیقەتەوە بکەوینە ململانی بۆ لەباربردنی ملکەچێتی و هەرەسپێهێنانی گیانی خۆبەدەستەوەدان و دەستەمۆیی بوون، ئەوەش ئەوەندەی خواستی کرانەوەی عەقڵیەت و مەوداکانی بیرکردنەوەمان فراوان و بەرەو پێشەوە دەبات هێندە دەرگای ئەگەرەکان لەسەر بیرکردنەوەو تێگەیشتن و خوێندنەوەکانمان کڵۆم نادات، بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵبەتە نموونەگەلێکی سەلمێنەری بی چەندوچۆنی ئەو ڕاستیانە لەبەر دەستا هەن کەتاکی کورد بەتایبەتیش ڕەگەزی مێینە ئەمڕۆ لەهەر کات زیاتر کلیك لەسەر پەیجە ناهۆشمەندیەکانی ناعەقڵانی وەك خۆکوشتن و خۆسوتاندن و خۆبەدەستەوەدانە خودیەکانی خۆی دەکات و لەجێگەی بەرگەگرتن و گەڕان بەدوای چارەسەری تەندروستدا باوەش بەڕاست نەکردنەوەی هەڵەکان و هەڵوەشانەوەی مرۆ بوونی خۆیدا دەکات، هۆکارەکەش ئەگەر بەگشتی وەربگرین نارۆشنییەك بەدیناکەی و ئاشکرایە کەنەتێروانینە بۆماوەییەکانمان قبوڵ کردووەو نەتوانیویشمانە لەریشەوە لێیانەوە دابرێین، ئەوەتا کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە هەر لەسەردەمی ڕژێمی هەڵوەشاوەی بەعسەوە کەبەپلان و سیاسەتێکی دووژمنکانە جێبەجێکراون تاهەنوکەش دابەشی سەر خێڵ و تیرەو هۆزو عەشیرەت کراوین و نەدەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و نەچین و توێژە جیاجیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانەش کەپەیوەستن بەخەبات و نەجاتی ئافرەتی کورد نەیانتوانیوەوە هەیمەنەی باو بگۆڕن و کاریگەریە نێگەتیڤەکانی کەمبکەنەوە، هەموومان شانازی بەم بەندو باوانەوە دەکەین، ڕۆژانەش بەبەرچاوی نەك هەرخۆمان بگرە میدیاکانی دونیاوە خۆکوشتن و خۆسوتاندن و هەڵاتن لەژیان و دەسبەرداربوونی بەها ژیاریەکان لەکوردەواریدا دەبیندرێن، هەمووشمان ئەوە دەزانین کەهۆکارەکان لەبنەڕەتدا هیچ سەرو بەرو پەیوەندیەکیان بەکەوتنەوەی ئاگرو شتی تری خۆنەویستەوە نییەو بەدەستی خۆمان گرمان بەرداوەتە گیان و جەستەمان دەزانین ئیتر ئەوە فەرزیاتی شەرەفێکەو ئاگری لەعەقڵیەتمان بەرداوە، دیوێکمان کەدیوی کۆڕو کۆبوونەوەو سەر شەقامە، پڕە لەڕیاکاری و کردەوەی بەناو باوەڕ بوون بەکرانەوەو دیوەکەی تر کەدیوی ماڵەوەیە لەوی هەمووشتێك بقیە، ئاخر ئێمە کرانەوەمان هەر بۆ شەقام و دەرەوە، پیاشەو لەگەڵ هەڵکردنی شنەبای ئازادی و ئاوەزی دیموکراسی نێو خانەوادە کانماندا نین، دەمانەوی خۆمان ئازاد بژین، بەڵام نامانەوی ئەوانی تر بگەنە سێبەرو سایەی تامەزرۆی ئەو سێبەرەی کەلێیەوە خاوەندارێتی کەسێتی خۆمانی پێدەکەین، دیارە ئەم هێزو کاردانەوە کۆمەڵایەتیە ئەگەرچی ناتواندرێت بەرەهایی ئەوەی لەپێشەوە باسکرا لەسەری بسلمێندرێت، چونکە لەبنەڕەتدا پێکهاتەو تێکەڵەیەکە لەتوخمی نوی و تەقلیدی بەڵام بەگشتی تاهەنوکەش عەقڵیەتمان خۆی بەقەرزار باری ڕابووردووی خۆی دەزانی، بەومانایەی ئەوەی دەمانەوی لەنێوان بابەتە بۆماوەییەکان و ململانی لەپێناو گۆڕان و خۆنەکوشتندا درێژە پێدەر یان ڕزگارکەر بین، ڕقمان لێیەتی یان خۆشمان دەوێت، لێرەدا ئێمە یان هەردووکیانین یان هیچیان نین و شوناسی کەسێتیەکی شکاوو ونین، بمبوورن گەربڵێم دروست هی ئەوەین بەو ترشیەوەکەو خۆشیەوەکە ئاڵۆزو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پڕکێشمەکێش و بی بارانە پێبکەنین، ئەم شێوە دەربرینەم بۆ ئەوە نیە بەشان و شکۆی ئازدیە فەردیەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا هەڵبدەم و منێکیش بەنۆرەی خۆم بڕو بیانوێك بدەمە دەست ئەم نەوەیە تا زۆرو زیاتر لەنیشتیمانەکەیانەوە هەڵبێن، چونکە هیچ گومانێکم نیە لەوێش ئەو ئازادی و ڕەها بوون و مرۆسەروەریە بەو فۆرمە زل و زەبەللاحە نییە وەك ئەوەی لێرەوە زۆرێکمانی حەیرانیکردوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بەعیشقەوە ئەوەندەی دەکری هەنگاو بەرەو کرانەوەو بەرەنگار بوونەوەی خۆکوشتن و داماڵینی پوچیەتی هەڵگرم، چونکە دەزانین هیچ لایەکمان بەتەنها نە ئەو دەسەڵاتەو نە ئەو مافەشمان هەیە بکەوینە دادگایی کردنی خەڵك و کۆمەڵگا، بەڵام دواجار وای دەبینم هەموو جۆرە خۆکوژییەك لەژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی هەر بڕوبیانوێکدا بێت بۆ ئەوەیە پوچی بژیت، بۆ ئەوەیە ژیان بکوژیت!..

Amk974@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.